# خودا سەر زەوی پێنیشاندام، ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوایم بینی، ومولْک ودەسەڵاتی ئومەتەکەم دەگاتە ئەوپەڕی ئەو شوێنانەی پێم نیشاندرا، ودوو گەنجینەم پێبەخشراوە سوور وسپی

لە سەوبانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خودا سەر زەوی پێنیشاندام، ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوایم بینی، ومولْک ودەسەڵاتی ئومەتەکەم دەگاتە ئەوپەڕی ئەو شوێنانەی پێم نیشاندرا، ودوو گەنجینەم پێبەخشراوە سوور وسپی. وداوام لە پەروەردگارم کرد: کە ئومەتەکەم لەناو نەبات بەهۆی وشکەساڵیەک کە هەموویان بگرێتەوە، ودوژمنێک زاڵ نەکات بەسەریاندا لە جگە لە خۆیان بە شێوەیەک کە بنچینە ودەسەڵاتی هەموویان لەناو ببات. وپەروەردگارم فەرمووی: «ئەی موحەمەد، ئەگەر من لە قەدەردا بڕیارم لەسەر شتێک دابێت ئەوا ڕەت ناکرێتەوە -دەبێت جێبەجێ ببێت-، من بەخشیم بە ئومەتەکەت کە لەناویان نەبەم بەهۆی وشکەساڵیەک کە هەموویان بگرێتەوە، ودوژمنێک زاڵ نەکەم بەسەریاندا لە جگە لە خۆیان کە بنچینە ودەسەڵاتیان هەمووی لە ناو ببات ئەگەرچیش هەرچی هەیە لە دەوروپشتیان لە دژیان کۆببنەوە -بۆ لەناو بردنیان-؛ هەتا ئەو کاتەی هەندێکیان هەندێکی تریان دەکوژن وبە دیلیان دەگرن». و (البرقاني) لە سەحیحەکەیدا گێڕاویەتیەوە، وئەم ڕستە زیادانەیشی گێڕاوەتەوە: «من لەسەر ئومەتەکەم دەترسم لە پێشەوا گومڕاکەرەکان، ئەگەر شمشێر -کوشتن و لەناوبردنی یەکتر- کەوتە نێوانیانەوە ئەوا هەڵناگیرێت هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت، وقیامەت هەڵناسێت هەتاوەکو کۆمەڵانێک لە ئومەتەکەم شوێنی موشریکەکان دەردەکەون، وکۆمەڵانێک لە ئومەتەکەم بت دەپەرستن، ولە نێو ئومەتەکەمدا سی درۆزن دەرکەون؛ هەموویان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پێغەمبەرن، من کۆتا پێغەمبەرم وهیچ پێغەمبەرێک لە پاش منەوە نایەت، وهێشتا کۆمەڵانێک لە ئومەتەکەی من لەسەر هەقن وسەردەخرێن وئەوەی بیەوێت سەرشۆڕیان بکات ودژیان بوەستێتەوە زیانیان پێناگەیەنێت هەتاوەکو فەرمانی خوای گەورەی بەرز وپیرۆز دێت».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودە مەزنە گەلێک بابەتی گرنگ وهەواڵی ڕاستی تێدایە کە ڕاستگۆترین مرۆڤ دەیگێڕێتەوە -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە خوای گەورە زەوی هێنایە پێش چاوی وبینی مولْک ودەسەڵاتی ئومەتەکەی دەگاتە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوای سەر زەوی، وئەمیش ڕاستیەکی مێژووییە چونکە مولْک ودەسەڵاتی مسوڵمانان گەیشتە ئەوپەڕی ڕۆژئاوا وڕۆژهەڵاتی زەوی لە پاش چەند سەدەیەکی کەم، وهەواڵی ئەوەی دا کە دوو گەنجینەی پێدەبەخشرێت وئەمیش ڕوویدا، مولْکی کیسرا وقەیسەر بەو هەموو ئەو گەنجینەی هەیانە لە ئاڵتون وزیو کەوتە دەست ئومەتەکەی، وباسی ئەوەی کرد کە داوای لە پەروەردگاری کرد کە ئومەتەکەی بە شێوەیەکی گشتی تیا نەچن بەهۆی وشکەساڵیەوە وهیچ دوژمنێک لە کافرەکان زاڵ نەکاتە سەریان کە دەست بە سەر وڵاتەکەیاندا بگرێت ولە بنچینەوە هەموویان لە ناو ببات، وخوای گەورە داوای یەکەمی پێی بەخشی، وداوای دووەمی پێی بەخشی ئەگەر ئومەت خۆی دوور بگرێت لە ناکۆکی ودووبەرەکی لە نێوان خۆیاندا؛ ئەگەر ناکۆکی ڕوویدا لە نێوانیان ئەوا خوای گەورە دوژمنی دەرەکی زاڵ دەکاتە سەریان، وئەمیش ڕوویدا بەو شێوەیەی کە باسیکرد وئومەت ناکۆک وپارچە پارچە بوون. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ترسا لەسەر ئومەتەکەی لە دەسەڵاتدار وزانای گومڕا وگومڕاکەر: چونکە خەڵکی شوێنیان دەکەون. وهەروەها هەواڵی ئەوەی دا ئەگەر ناکۆکی وفیتنە وکوشتار کەوتە نێوان ئومەتەوە ئەوا هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت بەردەوام دەبێت؛ وئەمیش ڕوویدا بەو شێوەیەی ئەو باسیکرد، لە کاتی فیتنەی سەردەمی ئیمامی عوسمانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە تێیدا کوژرا هەتاوەکو ئەمڕۆ فیتنە وناکۆکی بەردەوامە، وباسی ئەوەی کرد هەندێک کۆمەڵ لە ئومەتەکەی شوێنی بێباوەڕان وموشریکەکان دەکەون لە دینەکەیان و لەگەڵ

ئەواندا نیشتەجێ دەبن لە خاکەکانیان؛ وئەمیش ڕوویدا بەو شێوەیەی کە باسیکرد، و گۆڕ وبەرد ودار پەرستران، وباسی ئەوەی کرد کە چەند کەسێک دەردەکەوێت کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکەن بەڵام هەموویان درۆزنن چونکە پێغەمبەرایەتی بە ناردنی ئەو تەواو بوو -صلى الله عليه وسلم-، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- موژدەی ئەوەی دا کە کۆمەڵێک لە ئومەتەکەی لەسەر ئاینی ئیسلام دەمێننەوە سەرەڕای ئەم فیتنە وکارەسات وناڕەحەت وتاقیکردنەوانەش، وئەم کۆمەڵەیە کەس ناتوانێت هیچ زیانێکیان پێبگەیەنێت سەرەڕای پیلانی دوژمنان وبەرهەڵستکاران.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3337